لیژنەی دەستپاکیی دوو بەڕێوەبەری گشتیی لە دەرەوەی وڵات دەستگیرکرد



لیژنەی دەستپاکیی فیدراڵی ڕۆژی دووشەممە ڕایگەیاند، کەماری عێراق توانیوێتی دوو تاوانباری هەڵهاتوو بگەڕێنێتەوە دوای ئەوەی لە مانگی دووی ڕابردوو لە وڵاتی عوممان دەستگیرکران.

لیژنەی دەستپاکی عێراق لە بەیاننامەیەکدا ڕایگەیاند، "کەماری عێراق توانی دوو کەسی هەڵهاتوو کە بەڕێوەبەری پێشووی پلاندانانی شارستانی لە وەزارەتی ئاوەدانی و شارەوانی و بەڕێوەبەری پێشووی بەشی کشتوکاڵی ئینبار بگەڕێنێتەوە دوای دەستگیرکردنیان لە خاکی عوممان لەسەر بنەمای فەرمانی دەستگیرکردن و دەسیەکانی گەڕاندنەوە".